# خەونی ڕۆشنبیر و ڕۆشنبیری گەندەڵ

نیهاد جامی

وەستان لەسەر پەیوەندی ڕۆشنبیری لەنێوان خەون و گەندەڵی وەستانە لەسەر پێگەکانی ئەو کارەکتەرە ئەکتیڤەی ناو ژیان کەهەمیشە لەڕێگەی ڕەخنەوە دەیەوێ گۆڕان بکات بەمیکانیزمی کارەکانی، لەونێوندە قسەکردنەوە لەو توێژەی پێی دەوترێ ڕۆشنبیران هەڵگری مانا و تەفسیری جیاوازە، کە بەپێی پێناسەکان و خوێندنەوە جیاوازەکان بیریارو فەیلەسوفان بەشێوەی جیاواز دەڕواننە ئەو کارەکتەرەی ناو ژیان کەناوی ڕۆشنبیرەو بەرهەمی مۆدێرنیتیە، ئێمە لەو ووتارەدا مەبەستمان نیە لەسەر تەفسیرە جیاوازەکان و ئیشکالیەتی پەیوەندی ئەو کارەکتەرە بە مۆدێرنیتی بوەستین هێندەی مەبەستمان نزیکبونەوەیە لەماناکانی ڕۆشنبیر لەکۆمەڵگای ئێمەدا بەکێ دەوترێ، ئایا هەموو ئەوانەی سەروکاریان لەگەڵ کاری خوێندنەوەو دامەزراوە پەروەردەیی و ڕۆشنبیریەکانە ڕۆشنبیرن کەلەو نێوەندەدا مەلای مزگەوت و قوتابی ناوەندەکانی خوێندن و مامۆستا و فەرمانبەر و ڕۆژنامەنووس و هونەرمەند و نوسەر و قەشەی کلێساو هەرکارەکتەرێکی لەو چەشنە دەگرێتەوە، بەلاّم قورسایی ئەو توێژە تاچەند بەشداری لەگۆڕانکاریەکان دەکات، ئەوەیان بابەتی سەرەکیمانە، چونکە دواتر تێدەگەین لەوەی ئەوانەی ناومان هێنان بەپێی پۆلینەکان دەکەونەوە سەر(ڕۆشنبیری سونەتی)، چونکە پیادەی کارێکی ڕۆشنبیری دەکەن، جۆری دووەمی ڕۆشنبیر کە (ڕۆشنبیری دەستەبژێر)ە ئەوەیان توێژێکی دەگمەنن نەك لەناو کۆمەڵگاو کولتوری کوردیدا، بەڵکو لەتەواوی کۆمەڵگاکان توێژێکی دەگمەنن، لەوێنەی"گرامشی، فۆکۆ،سارتەر،ئێدوارد سەعید" لەڕۆشنبیری عەرەبی لەوێنەی"عەلی حەرب، محەمەد ئەرکۆن، عەلی وەردی، نەسر حامد ئەبو زێد"و لەڕۆشنبیری کوردیش " عەبدولخالق مەعروف، شاکر فەتاح، دلشاد مەریوانی، شێرکۆ بێکەس، بەختیار عەلی، شێرزاد حەسەن " دەیان بینینەوە کەخەونی گۆڕانیان هەیە، لێرەدا کەمەبەستەکەمان ڕوون دەبێتەوە پێویستمان بەوەیە لەسەر چەمکی خەونی ڕۆشنبیر هەڵوەستەیەك بکەین، خەون ئەو یۆتۆپیا فراوانەیە لەڕێگەی خەیاڵبردنەوە دەمانەوێ خەیاڵ تیایدا بکەینە واقیع، ئەوەش بەواقیع کردنی هەموو ئەو مەحالیەتەیە کەهاتنە دی ئاسان نیە، خەون هەموو ئەوچەپاندنە ئازاد دەکات، ئازاد کردنی چەپاندنی حەرامەکانی نێو ژیان، بۆیە لەهەرشوێنێك خەون بوەستێ دەبێ گومان لەو خەونە بکەین، چونکە خەون ناوەستێ بەڵکو بەردەوام لەخەیاڵبردنەوەیە، ڕۆشنبیریش دەبێ خەون بکات بە میکانیزمی کارەکانی، لەهەرشوێنێ روشنبیر وازی لەخەون هێنا مانای وایە ڕاستگۆ نیە لەگەڵ خەیاڵ و پەیامی خۆی، دنیای کوردی بەبێ خەون ناتوانێ بەرەو گۆڕان بچێت، بێخەونی ڕۆشنبیر مانای داکۆکی کردنە لەبەها کانی ڕابردوو قەبوولّ کردنی هەرجۆرەشکستێکی ناو ژیانە، پێشوازی کردنە لەتراژیدیاکانی بەرەنجامی عەقلێکی وەستاوە، بەلاّم پێویستمان بەوەیە بپرسین خەونی کوردی تاکوێ بڕ دەکات؟ ئایا لەشوێنێکدا ناوەستێ؟ ئەگەر خەون لەگوتاری سیاسی لەوەدەست کەوتنی سیاسی کۆتایی بێت،ئەوا خەنی ڕۆشنبیریش هەربەهەمان شێوە کۆتایی دێت، ئەگەر بیانوی توێژی یەکەم داکۆکیکردن و پاراستنی دەسکەوتەکان بێت، ئەوا بۆ ڕۆشنبیران ئەو بیانووە بێمانایە، چونکە وەستان بۆ ڕۆشنبیر بەمانای دەسبەرداربوون لەگومان و خەون و پرسیار دێت، نەبوونی گومان لەوەی هەیە و نەبوونی توانای بیرکردنەوە بۆ خولّقاندنی پرسیار، مانای گەڕانەوە بۆناو کایە گشتی و قەبوولّ کردنی دیدی باو بۆژیان، ئەوەش لەدەستدانی شوناسی ڕۆشنبیرە بەوەی ئەو کائینە ڕازیە بەوەی هەیە، ئەو هەرتەنها بۆخۆی شوناسی ڕۆشنبیر لەدەست نادات بەڵکو دەبێتە بکوژی خەون بەوەی

دەیەوێ لەڕێگەی میدیاکانەوە دەسخەڕۆمان بدات بەوەی ئیتر خەون سنوری هەیە ، ئەوکاتانەی ڕۆشنبیر لەپشت دەمامکی کارەکتەرێکی ئەکتیڤەوە گەمەکانی خۆی ئەنجام دەدات، بیرلەوە ناکاتەوە دۆڕاو لەگەمەکە هەرخۆیەتی، ئەو مۆدیلە زیاتر لەلای ئەو جۆرە دەردەکەوێت کەتا لەدەرەوەی وولاّتە ماڵپەڕەکانی ئەنتەرنێت پڕدەکات لەڕەخنەی میکاڤیلیانەو جنێونامە ، زمانێك بەرهەم دێنێت کەزمانێکە لەناو هەڵچوونی سایکۆلۆژی و ڕق دەربازی نابێت، کەچی دواتر کەدێتەوە دەمامکەکانی سەر ڕووی دەکەون و پاکانە و پەشیمانی پڕدەکاتەوە ، خەون بە پلەی حکومی و هۆڵی پەرلەمان و ژیانی تایبەتی دەکاتەوە ، دەیەوێ دەرگاکان لەسەر خۆی بکاتەوە تاوەکو دەسەلاّت گوێی لیّ بگرێت، بەلاّم گوێگرتن بەچ مەبەستێك؟مەبەست لەوەی دەسەلاّت ناچار بکات ووردبینانەتر بیر لە ژیانی تاکەکانی کۆمەڵگاو یاساکانی ژیان بکاتەوە؟ ئەوەیان ئەو دەمامکە ڕووکەشەیە ، چونکە لەگەڵ دەرگا کردنەوە ئەوان خەون بەگەڕانەوە دەبینن، نەك بەوەی وەك هاولاّتیەك بەپێی تواناو پسپۆری خۆی کاربکات، بەڵکو بۆ هاتنەدی خەونەکانی تاوەکو پۆستی بەڕێوبەرو بەرپرس پیادەبکات، لێرەوەیە خەون ژاراوی دەبێت و ڕۆشنبیر لەبڕی ئەوەی فریای گەندەڵی بکەوێت خۆی دەبێ بەبەرهەم هێنەرەوەی گەندەڵی، چونکە ناتوانێ ژیانی کۆمەڵگای لاشیرینتر بێت لەدەسکەوتە تایبەتیەکانی خۆی، تاواقیعێکیشمان هەبێت و ڕۆشنبیر بەو دیدەوە سەیری دنیا بکات نابێ بەلامانەوە سەیر بێت کەگەندەڵی بۆچی ڕۆژانە زیاتر بەناخی ئیمەدا قووڵ دەبێتەوە ، بۆئەوەی بەشداری لەگەندەڵی ئەو ڕۆشنبیرە نەکەین دەبێ خەونی ڕۆشنبیر ڕەخنەگرتن و بەگژداچونەوەی ڕۆشنبیری گەندەڵ بێت تاوەکونەتوانین ئەو گەندەڵیە لەناو خۆمان نەکوژین ئەستەمە بمانەوێ لەکایە کۆمەلاّیەتی و سیاسی و ئابوریەکان بکەینە دەرەوە.

---

مافی بڵاوکردنەوەی ئەم بابەتە لەلایەن نووسەرەوە پارێزراوە